# ڕێبەری
# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
# (خولی دووەم)

# ڕێبەری
# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
# (خولی دووەم)

ڕێبەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (خولی دووەم)

ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
سەرپەرشتیار: خالید عومەر ڕەشید
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (1499)ی ساڵی (2015)ی پێدراوە

ئەم کتێبە بەشێکە لە چالاکیەکانی پڕۆژەی (بەشداریپێکردنو پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو هاووڵاتیان) کە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بە هاوکاری ڕێکخراوی (NED) ئەمریکی جێبەجێیدەکات.

بێ بەرامبەر دابەشدەکرێت

# پێشەکی

وەک پرەنسیپێکی گشتی، ئامانج لە پرۆسەی سیاسی بەدیهێنانی (بەرژەوەندی گشتی)یە، ئەم ئامانجەش تەنها لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراتیدا بەدیدێت. ئەم سیستەمە کە بە پێناسە باوەکەی (حوکمی گەلە، بۆ گەلو لە رێگەی گەلەوە) یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی بریتییە لە بەشداری تاک لە هەڵبژاردنو چاودێریکردنی فەرمانڕەواکان، تا بەنوێنەرایەتی ئەوان کاروباری وڵات بەڕێوەببەن.

هەرچەندە پێشتر ئاماژەکان لەو بارەیەوە تەنها رووەو سێ دەسەڵاتە فەرمییەکەی دەوڵەت بوون، (دەسەڵاتەکانی: یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەری)، بەڵام بەگوێرەی ئەو پێشکەوتنە بەردەوامانەی سیستەمی دیموکراسی بەخۆیەوە بینیوەو لە پێناو باشتر بەدیهێنانی ئامانجی بنەڕەتی سیاسەتدا، سنوری کاری سیاسی فراوان بووەو چەندین دامەزراوەی دیکەی وەک میدیاو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، وەک دەسەڵاتی چوارەمو پێنجەمی دەوڵەت ناودەبرێنو رۆڵ دەبینن. بەواتایەکی دیکە، پەراوەی سیاسەت تەنها لە چوارچێوەی دەسەڵاتە فەرمیەکاندا نەماوەتەوەو دامەزراوەی دیکەش بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی کاردەکەن.

لەم سۆنگەیەوە رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان، وەک رێکخراوێکی سەربەخۆی ناحکومی قازانج نەویست، لەپێناو پەرەپێدانی دیموکراسیدا دامەزراوەو کاردەکات. لە یەکەمین پرۆژەشیدا (بەشدارییپێکردنو پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو هاووڵاتیان)، دەخوازێت هاوکاری ئەنجومەنی ناوبراو بێت، بۆئەوەی ئەو رۆڵەی بۆی دیاریکراوە بتوانێت وەک خۆی بیگێڕێت، هەروەها رۆڵی هاووڵاتیانیش تەنها لە دەنگداندا کورت نەکرێتەوەو پەیوەندییەکی بەردەوامو پتەویان لەگەڵ نوێنەرەکانیاندا هەبێت.

ئەم پرۆژەیە چەندین چالاکی لەخۆگرتبوو، لە بەشێکیدا زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەنێوان لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانو هاووڵاتیانو شارەزایاندا ئەنجامدرا، بۆ ئەوەی لێکگەیشتنی زیاتر دروستببێتو بە بەرنامەو پرۆژەو پێشنیارەکانی یەکدی ئاشنابنو گفتوگۆی کێشەو داواکاریەکانیش بکەن. جگە لەمە، پرۆژەکە ڕێبەرێکی تایبەتی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دروستکردووە کە ئێستا لەبەردەستاندایە.

ڕێبەرەکە کۆمەڵێک بابەتی لەخۆگرتووە، وەک: (یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ناوی لیژنەکانو زانیاری کەسیی ئەندامانی ئەنجومەن)، ئەمەش بەردەستخستنی کۆمەڵێک زانیارییە دەربارەی یاسا پەیوەندیدارەکانو خودی ئەنجومەنو ئەندامەکانی.

ئەم زانیاریانەی لێرەدا دەخرێنەڕوو، دەکرێت بۆ هاووڵاتیان بەگشتیو لایەنە پەیوەندیدارەکانو ڕۆژنامەنووسانو هەر لایەنێکی دیکەی پەیوەندیدار بەسود بێت، چونکە بەهۆیەوە سەرەڕای ئاشنابوون بە یاساکانو زانینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لە ڕێگەی زانیاری کەسیی ئەندامانی ئەنجومەنەوە دەتوانرێت پەیوەندییان پێوەبکرێتو گرفتەکانیان ئاڕاستە بکرێت، یاخود بە پێشنیاری گونجاو، کارەکانیان دەوڵەمەندتر بکرێت.

ئومێدەوارین ئەم ڕێبەرە ڕۆڵی هەبێت لە زیاتر لێکنزیککردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو دانیشتووانی پارێزگاکەو هەنگاوێک بێت بەئاڕاستەی چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیو بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

**ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان**

# چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی
# خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

# چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

* ئەنجومەنەکە بە گوێرەی یاساکانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، هەروەها یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچون، هەڵبژێردراوەو کاردەکات.
* ڕۆژی ٢٠١٤/٤/٣٠ هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنەکە ئەنجامدرا.
* لە بەرواری ٢٠١٤/٥/٢٢ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ڕاگەیاندو وادەیەکی بۆ تانەلێدان دیاریکرد، دواجار لە ٢٠١٤/٦/٩ بە فەرمی دوا دەرئەنجامی پەسەندکراو، ڕاگەیەنرا.
* یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا لە ٢٠١٤/٦/٢٤ بەڕێوەچوو، تێیدا (ئامانج نەجیب شەمعون) کە بەتەمەنترین ئەندامە، بە سەرۆکی کاتیی ئەنجومەن هەڵبژێردرا، دواتر بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسیەکان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان، کۆبوونەوەی یەکەم بە کراوەیی هێڵرایەوە.
* دوای ڕێککەوتنی سیاسی دوو لایەنی براوەی یەکەم (یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو بزوتنەوەی گۆڕان)، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/١١دا، پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنو جێگرەکەی هەڵبژێردران.

* بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە، پۆستی پارێزگار درایە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان‌و (ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین) کرایە پارێزگار، هەروەها پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا درایە بزوتنەوەی گۆڕان‌و (هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن) لە پۆستەکەدا دەستبەکاربوو. هەر بەپێی ڕێککەوتنەکە ئەم دوو پۆستەو چەند پۆستێکی کارگێڕیی دیکە بۆ ماوەی ساڵێکو ٩ مانگ بەکاردەبن‌و دواتر ئاڵوگۆڕ دەکرێن‌و پێچەوانە دەبنەوە.

ئەم ڕێککەوتنە دواتر هێنرایە ئەنجومەنی پارێزگاو پەسەندکرا، بەڵام فراکسیۆنەکانی هاوپەیمانی نیشتیمانی‌و خزمەت لە کاتی دەنگدان لەسەر ڕێککەوتنەکە، چوونە دەرەوەی هۆڵی دەنگدان‌و فراکسیۆنی پارتیش ڕەتیکردەوە.

* دوای دانانی (ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین) بە پارێزگار، (سەمەد ئیبراهیم محەمەد عەبدوڵڵا) لە جێگەی ئەو وەک ئەندامی ئەنجومەن دەستبەکاربوو.

* هەردوو لایەنی (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)و (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) فراکسیۆنێکیان بە ناوی (خزمەت) پێکهێنا، ئەمەش تەنها هاوپەیمانێتییە لە ئەنجومەنەکەدا.

* بەمەبەستی ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەن بە بڕیاری ژمارە (١) لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٢٢ لیژنەیەکی کاتیی بە بەشداری (١١) ئەندامی خۆی پێکهێنا. پاش گەڵاڵەکردنی، لە کۆبوونەوەی دووەمیدا کە لە (٢٠١٤/١٢/١٧ تا ٢٠١٥/٢/١٩) بەڕێوەچوو ١٥ دانیشتنی تێدا ئەنجام درا، پەیڕەوەکە لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەندکرا.

# یاسای پارێزگاکانی
# هەرێمی کوردستان ـ عێراق

تێبینی:
دەقی ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان وەرگیراوەو هەڵە رێنوسیەکانی راستکراونەتەوە، بەشێوەیەک کە کار لە ناوەرۆکەکەی نەکات.

# یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

پشتبەستن بە حوکمی بڕگە (١) و(٥) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، پەرلەمانی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨)ی ڕۆژی ٢٠/ ٢٠٠٩/٤یدا ئەم یاسایەی دەرچواند:-

## یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

چوارەم: وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

پێنجەم: وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

شەشەم: پارێزگا: یەکەیەکی کارگێڕییە لەناو سنورە جوگرافییەکەیداو

لە قەزاو ناحیەو گوند پێکدێت.

حەوتەم: یەکەی کارگێڕی: پارێزگا، قەزا، ناحیە.

هەشتەم: سەرۆکی یەکەی کارگێڕی: پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە.

نۆیەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی پارێزگا.

دەیەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی: ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا، ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە.

یازدەهەم: ئەنجومەنەکان: ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕییەکان.

ماددەی دووەم:

ئەم یاسایە دەسەڵاتو بەرپرسیەتی ئەنجومەنەکانو سەرۆکەکانیانو ئەندامەکانی دەستنیشاندەکات بۆ پتەوکردنی پرنسیپی ناسەنتەری لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانو چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ هاووڵاتیانو پاراستنی مافەکانو بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگاو پەرەپێدانی یەکە کارگێڕیەکان لە هەرێمدا.

ماددەی سێیەم:

هەرێم لە رووی کارگێڕییەوە دابەشدەکرێت بۆ پارێزگاکانو پارێزگاکانیش بۆ قەزاو ناحیەو هەریەک لە یەکە کارگێڕیەکان کەسایەتی مەعنەویو زیمەتی دارایی سەربەخۆی لەناو بودجەی پارێزگادا دەبێت.

## بەشی دووەم

## یەکەم: ئەنجومەنی پارێزگاو تایبەتمەندیەکانی

ماددەی چوارەم:

ئەنجومەنی پارێزگا لە رێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە پێکدەهێنرێتو لە (٢٥) ئەندام پێکدێتو بۆ هەر (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار کەس لەوانەی زیاد دەبن لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار کەس ئەندامێکی دەخرێتە سەر

بەپێی نوێترین سەرژمێری باوەڕپێکراو، بەمەرجێک لیستی پاڵێوراوەکان بە شێوەیەک بێت کە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە (٣٠٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێت.

ماددەی پێنجەم:

ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لە ناو سنوری کارگێڕی پارێزگاداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پەیڕەوو ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕیو دارایی لەناو سنوری پارێزگادا دەربچوێنێت، تاکو بتوانێت سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی نا سەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات بە جۆرێکی وا کە ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا.

ماددەی شەشەم:

ئەنجومەنی پارێزگا ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنو جێگرەکەی لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەندا کە پارێزگار بانگەوازی بۆ دەکات لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو لەبارێکدا کە بانگەواز بۆ دانیشتنەکە نەکرا، ئەوا ئەنجومەنەکە لە خۆیەوە کۆدەبێتەوە لە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆی رۆژی شازدەم لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەو دانیشتنەکەش بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبێت.

دووەم:

١- لەسەرکارلادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان جێگرەکەی لەسەر داوای سێیەکی ژمارەی ئەندامانیو بە رەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی سەرۆک یان جێگرەکەی بە لادراو دادەنرێت هەرکاتێک مەرجێکی ئەندامێتی لە دەستبدات یان یەکێک لەم هۆیانەیان لەسەر ساغ بووەوە:

ا - دەستپیسیی یان خراپ بەکارهێنانی پایەی فرمانەکەی.

ب ـ بوون بە هۆی بەفیرۆدانی دارایی گشتی.
ج ـ خەمساردی یان کەمتەرخەمی نواندن بە ئەنقەست لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی.

٢- سەرۆک یان جێگرەکەی بۆیان هەیە تانوت لە بڕیاری لادانیان بدەن لەلای دادگای کارگێڕی تایبەت لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژوی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارەی (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨دا.

سێیەم:

١- هەڵبژاردنی پارێزگار لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لە ماوەیەکدا کە ئەوپەڕی (٣٠) سی ڕۆژ لە مێژووی بەستنی یەکەمین دانیشتنیەوە.

٢- ئەگەر هیچ کامێک لە پاڵێوراوەکان زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بە دەستنەهێنا، ئەوا کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە دەبێت کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوەو ئەوەی زۆرینەی دەنگەکان لە دەنگدانی دووەمدا بباتەوە ئەو بە دەرچو دادەنرێت.

چوارەم:

١ـ لێپچینەوەکردن لەگەڵ پارێزگار یان یەکێک لە جێگرەکانی لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی دەبێتو لە کاتی قەناعەت نەهاتنی زۆرینەی سادە بە وەڵامەکانی لێپێچینەوە لەگەڵکراودا، ئەوا داوای لادانیان (الاقاله) لە دانیشتنێکی دووەمدا دەخرێتە دەنگدانەوەو پارێزگار یان یەکێک لە جێگرەکانی بە لادراو دادەنرێن دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەن بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانیو داواکاریی لادانەکە یان ڕاسپاردنی، دەبێ پشت بە یەکێک لەو هۆیانە ببەستێ کە لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

٢ـ پارێزگارو دوو جێگرەکەی بۆیان هەیە لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژووی

پێڕاگەیاندنیەوە تانوت لە بڕیاری لەسەرکارلادانیان لە دادگای کارگێڕی تایبەتمەند بدەن.

پێنجەم:

١- ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆمارکردنی لە پڕۆژەی بودجەی پارێزگادا.

٢- پەسەندکردنی پڕۆژەی بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوەو بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ڕەوانەی کراوە، بەو مەرجەی پێوەرە یاساییو سیستەمیەکان لە دابەشکردنی تەرخانکراوەکان بۆ سەنتەری پارێزگاو قەزاو ناحیەکان ڕەچاو بکرێنو پاشان بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بەرز بکرێتەوە.

شەشەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ پارێزگا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانو دانانی پلانی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی بە جۆرێک کە لەگەڵ گەشەپێدانی نیشتمانیو هەرێمدا بگونجێت.

حەوتەم: بڕیاردان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ بۆ کارەکانی ئەنجومەن بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لە ماوەی مانگێک لە مێژووی یەکەم دانیشتنیەوە.

هەشتەم: دەرچواندنی بڕیارو پەیڕەوو ڕێنماییەکانو پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕیو داراییو چاککردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە پارێزگادا.

نۆیەم: پێشنیازکردنی پڕۆژە یاسا تایبەتیەکان بە پەرەپێدانی پارێزگاو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە.

دەیەم: دەستنیشانکردنی پێشینیەکانی (اولویات) پارێزگا لە پڕۆژەکانو بۆی هەیە هەر پڕۆژەیەکی خۆجێیەتی لە ناو بودجەی ساڵانەدا هاتبێت بۆ وەزارەتێک هەموار بکات بە هەماهەنگی لەگەڵیدا بە ڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی بە مەرجێک ئەو هەموارکردنە نەبێتە مایەی

زیادبوونی رادەی خەرجکردنی باسکراو لە پلانەکانو هەروەها بەو مەرجەی کە لەگەڵ کارایی جێبەجێکردنی ئامانجە نیشتمانیەکان لە هەرێمدا ناکۆک نەبێتو بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی تر بە رەزامەندی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەموار بکات یاخود رایبگرێت.

یازدەهەم: چاودێریکردنی گشت چالاکییەکی دەستەکانی جێبەجێکردنی خۆجێیەتی بۆ زامنکردنی باش جێبەجێکردنی کارەکانی بێجگە لە دادگاکانو یەکە سەربازیەکانو پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) زانکۆو کۆلێجەکانو پەیمانگاکانی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو ئەو فەرمانگانەی کە تایبەتمەندیی فیدراڵییان هەیە لە پارێزگاکەدا.

دوازدەهەم:

١- رەزامەندی دەربڕین بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە ئەسڵی پێنج پاڵێوراو کە پارێزگار بۆ پڕکردنەوەی پۆستی هەردوو جێگری پارێزگا پێشکەشیان دەکاتو فەرمانی دامەزراندنی دووانیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

٢- رەزامەندی دەربڕین بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە ئەسڵی پێنج کەس کە پارێزگار بۆ پڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگادا پێشکەشیاندەکاتو فەرمانی دامەزراندنی یەکێکیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

٣- پێشنیارکردنی لەسەرکارلادانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگا بە زۆرینەی رەهای دەنگی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر داوای پارێزگار یان ٥\١ پێنجیەکی ژمارەی ئەندامانیو بەرزکردنەوەی لە رێگای وەزیری پسپۆڕەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی وەزیرانیش مافی لادانی هەیە بە پشتبەستن بە برگەی دووەمی ئەم ماددەیە.

سێزدەهەم: رەزامەندی دەربڕین بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر پێشنیازی بەجێگەیاندنی گۆڕانکاریی کارگێڕی لە قەزاو

ناحیەو گوندەکان بەلێکدانیانو لە نوێ دانانو گۆڕینی ناوو سەنتەرەکانیانو ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لە پێکهاتەی کارگێڕی لە چوارچێوەی سنوری پارێزگاو ئەمەش لەسەر پێشنیازی پارێزگار یاخود سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت.

چواردەهەم: پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەییو کاتیی لە نێوان ئەندامانی بۆ چاودێریکردنی دەزگا یان چالاکی دەستەکانی جێبەجێکار لەسەر ئاستی پارێزگاو بۆی هەیە پشت بە شارەزاو راوێژکاران ببەستێت.

پازدەهەم: هەڵبژاردنی دروشمێک بۆ پارێزگا کە لە کەلەپوری مێژوییو شارستانیەکەیەوە وەرگیرابێت.

شازدەهەم: پێشنیازکردنی قەرەبووکردنەوەی زیانپێکەوتووان لە حاڵەتی ڕوودانی کارەساتو داوا لە حکومەتی هەرێم بکات لە سنوری پارێزگادا یارمەتی پێشکەشبکەن.

حەڤدەهەم: دەرچواندنی بڵاوکراوەیەکی خۆجێیەتی، هەموو بڕیارو پەیڕەوو ڕێنماییو ئەو فەرمانو چالاکیانەی تێدا بڵاوبکرێتەوە کە ئەنجومەن دەریاندەکات تاکو هاووڵاتیان ئاگاداربن لێیان.

ماددەی حەوتەم:

پارێزگار بە لەسەرکارلادراو دادەنرێت لەکاتی لە دەستدانی یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامیەتی دوای دەرچونی بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا لەم بارەیەوەو پارێزگار بۆی هەیە لە بەردەم دادگای کارگێڕی تایبەتمەند لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنیەوە تانە لە بڕیارەکە بدات.

## دووەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاو تایبەتمەندیەکانی

ماددەی هەشتەم:

ئەنجومەنی خۆجێیەتی قـەزا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی گشتییەوە دادەمەزرێتو پێکدێت لە (٧) حەوت ئەندام بۆ ئەو قەزایەی

ژمارەی دانیشتوانی لە (٥٠) هەزار کەس کەمترەو بۆ هەر (٥٠) پەنجا هەزار کەسی زیاد لە رادەی ناوبراو ئەندامێکیان دێتە سەر بە مەرجێک لیستی پاڵێوراوان بەجۆرێک رێکبخرێت کە رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا لە (٣٠٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێت.

ماددەی نۆیەم:

ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا لەنێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی خۆجێیەتی کە لەسەر بانگهێشتی قایمقام لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبەسترێتو دانیشتنەکەش بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبێتو لە بارێکدا کە پاڵێوراوەکە بە زۆرینەی پێویست دەرنەچوو، دووبارە هەڵبژاردن لە نێوانی ئەو دوو پاڵێوراوەدا دەکرێت کە زۆرینەی دەنگیان وەرگرتووەو کامەی زیاتر دەنگی وەرگرت ئەو دەردەچێت.

دووەم: لە بارێکدا کە ئەنجومەن بانگهێشت نەکرا بۆ کۆبوونەوە، ئەوا ئەنجومەن لە خۆیەوە لە سەعات دوازدەی نیوەڕۆی رۆژی دوایی بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام کۆدەبێتەوە.

سێیەم: هەڵبژاردنی قایمقام لە نێوان ئەندامانیو بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی دەبێتو ئەگەر هیچ پاڵێوراوێک زۆرینەی پێویستیان نەهێنا، ئەوا کێبرکێ لە نێوان ئەو دوو کەسە دەبێت کە زۆرترین دەنگیان وەرگرتووەو ئەو کەسە بە براوە دادەنرێت کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدێنێت.

چوارەم: لەکارلادانی سەرۆکی ئەنجومەنی خۆجێیەتی یان قایمقام بە زۆرینەی ٣\٢ی ژمارەی ئەندامانی دەبێت لە حاڵەتێکدا کە یەک لەو هۆیانەی لەسەر ئیسپات بوو کە لە ماددەی (شەشەم/ دووەم)ی ئەم یاسایەدا

هاتووە.

پێنجەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی یەکەی کارگێڕی قەزاو ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر پلانەکانی بودجەی فەرمانگەکانی سەر بەخۆیو ناردنی بۆ پارێزگار.

شەشەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ بەڕێوەبردنی قەزاو چاودێریکردنی دەزگا جێبەجێکارەکانیو ڕێکخستنی کارە کارگێڕییەکان.

حەوتەم: سەرپەرشتیکردنی بەرنامەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە لە قەزادا.

هەشتەم: دەربڕینی هاوکارییو هەماهەنگیو راوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی کارگێڕی ناحیەکان بە جۆرێک کە هاوسەنگیو بەرژەوەندی گشتی بەدی بێنن.

نۆیەم: پەسەندکردنی دیزاینە بنەڕەتیەکان لە قەزادا بەهەماهەنگیکردن لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاو لە چوارچێوەی نەخشەی گشتی حکومەتی هەرێمدا.

دەیەم: چاودێریکردنو هەڵسەنگاندنی چالاکیە پەروەردەییو تەندروستیەکان لە سنوری قەزاو پێشکەشکردنی راسپاردە لە ڕێگای ئەنجومەنی پارێزگاوە.

یازدەهەم: چاودێریکردنی ڕێکخستنی بەکارهێنانی زەوی گشتی لەناو رووبەری جوگرافی قەزاو کارکردن لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵو ئاودێریو دارستانو سامانی ئاژەڵی تێیدا.

دوازدەهەم: هەر تایبەتمەندییەکی تر کە ئەنجومەنی پارێزگا پێیدەدات بەمەرجێک لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکاندا ناکۆک نەبێت.

سێزدەهەم: دانانی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا.

ماددەی دەیەم:

لە بارێکدا کە ناکۆکی کەوتە نێوان بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی

قەزاو بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی پارێزگا، ئەوا ئەولەویەت دەدرێتە ئەوەی دواییان، ئەگەر ئەو بڕیارەی وەرگیراوە پەیوەندیداربێت بە هەموو پارێزگاکەوە.

## سێیەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیەو تایبەتمەندیەکانی

**ماددەی یازدەهەم:**

ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی گشتییەوە دادەمەزرێتو لە (٥) ئەندام بۆ ئەو ناحیەیە پێکدێت کە ژمارەی دانیشتوانی لە بیستو پێنج هەزار کەس کەمتر بێتو بۆ هەر (٢٥٠٠٠) هەزارکەسیش کە لەڕادەی دیاریکراو زێتر بێت ئەندامێکی بۆ زیاد دەکرێت. بەمەرجێک لیستی پاڵێوراوەکان بەشێوەیەک ڕێکبخرێت کە ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە ئەنجومەنەکە مسۆگەر بکات کە لە (٣٠٪) ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێت.

**ماددەی دوازدەهەم:**

ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی ناحیە لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی لە یەکەم دانیشتنی کە دەیبەستێت لەسەر بانگهێشتی بەڕێوەبەری ناحیە لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێتو دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبەسترێتو ئەگەر پاڵێوراوەکە بە زۆرینەی پێویست سەرنەکەوت، ئەوا هەڵبژاردن لەنێوان ئەو دوو پاڵێوراوەدا دووبارە دەبێتەوە کە زۆرترین دەنگیان هێناوەو ئەوە دەیباتەوە کە زۆرینەی بەدەستدێنێت.

دووەم: لە حاڵەتی بانگهێشتنەکردنی ئەنجومەن بۆ دانیشتن، ئەنجومەن لەخۆیەوە لەکاتژمێر دوانــزدەی نیوەڕۆی ڕۆژی پاشتر دادەنیشێتو بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی دەکات.

سێیەم: بەڕێوەبەری ناحیە لە نێوان ئەندامانیو بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێتو ئەگەر هیچ کام لەپاڵێوراوەکان زۆرینەی پێویستیان بەدەستنەهێنا، کێبڕکێ لەنێوان ئەو دووانەدا دەکرێت کە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێناوەو ئەوەش دەیباتەوە کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدێنێت.

چوارەم: لەکارلادانی سەرۆکی ئەنجومەنی خۆجێییەتی یان بەڕێوەبەری ناحیە بەزۆرینەی دەنگی ٣/٢ی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی لەکاتی هاتنەدی یەکێک لە هۆیەکانی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

پێنجەم: ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی ناحیەو پیشاندانی رەزامەندی لەسەر پلانی بودجەی فەرمانگەکانی سەر بەوو رەوانەکردنی بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا.

شەشەم: چاودێری رێکخستنی بەکارهێنانی زەویو زاری گشتی لەنێو رووبەری جوگرافی ناحیەو کارکردن لەپێناو پەرەپێدانی کشتوکاڵو ئاودێریو دارستانو سامانی ئاژەڵی ناوی.

حەوتەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بەڕێوەبردنی ناحیەو چاودێریکردنی دەزگا جێبەجێکارەکانیو رێکخستنی کردەوەکانی بەڕێوەبردن.

هەشتەم: سەرپەرشتیکردنی بەرنامەکانی خزمەتگوزاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناحیەکە.

نۆیەم: پیشاندانی رەزامەندی لەسەر دیزاینە بنەڕەتییەکانی ناحیە بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاو لە چوارچێوەی نەخشەی گشتی حکومەتی هەرێم.

دەیەم: چاودێریو هەڵسەنگاندنی چالاکیە پەروەردەییو تەندروستیەکان لەسنوری ناحیەکەو پێشکەشکردنی راسپاردە لەسەریان لە رێگای ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاوە.

یازدەهەم: هەر دەسەڵاتێکی دیکە کە ئەنجومەنی پارێزگا یاخود ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا پێیدەدات بەمەرجێک لەگەڵ یاسا کارپێکراوەکاندا ناکۆک نەبن.

دوانزەهەم: چاودێریکردنی فەرمانگە خۆجێیەکانو بەرزکردنەوەی راسپاردەی پێویست لەو بارەیەوە بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا.

سیازدەهەم: دانانی پەیڕەوی ناخۆ بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە.

ماددەی سێزدەهەم:

لە بارێکدا کە بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لەگەڵ بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ناکۆک بوو، ئەوا بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەولەویەتی دەبێت ئەگەر پەیوەندی بە هەموو قەزاکەوە هەبوو.

## چوارەم: مەرجەکانی ئەندامیەتیو سوێندخواردن

ماددەی چواردەهەم:

یەکەم: پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنەکان ئەم مەرجانەی لێ بێتەدی:

١- پێویستە عێراقی بێتو بەتەواوی شیاو بێتو بیستو پێنج ساڵی لە تەمەنی لەکاتی خۆپاڵاوتنیدا تەواوکردبێت.

٢- پێویستە بۆ پاڵێوراوی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو ئەنجومەنەکانی خۆجێیەتی قەزاکان بەلانی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەیان هەبێتو بۆ پاڵێوراوی ئەنجومەنە خوجێییەکانی ناحیەکانیش بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەیان هەبێت.

٣- پێویستە خوو ڕەوشتو ناوبانگی باش بێتو بە هیچ تاوانو کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.

٤- پێویستە لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕییەکە بێت بەپێی تۆماری باری شارستانی یان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ماوەیەک لە (دە) ساڵ کەمتر

نەبێت لێی دانیشتبێت بەمەرجێک نیشتەجێبوونەکەی بۆ مەبەستی گۆڕانکاری دیموگرافی نەبێت.

٥- نابێت لەکەسەکانی هێزە چەکدارەکانو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت.

٦- نابێت بەشداری لەو تاوانانەدا کردبێت کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشابوون یان جێبەجێی کردبوون یان ئەنجامی دابوون.

دووەم: ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵی ساڵنامەییە لە یەکەم دانیشتنیەوە دەستپێدەکاتو بە کۆتاییهاتنی ساڵی چوارەم کۆتایی دێت.

سێیەم: پێویستە ئەندام خۆی بۆ کارەکانی ئەنجومەن تەرخان بکات.

ماددەی پازدەهەم:

١- سەرۆکی ئەنجومەنەکان سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنەکانیان دەکەنو لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان بەرپرسیارنو ڕادەی یاسایی تێیاندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەها تەواودەبێت.

٢- سەرۆک بەرنامەی کۆبوونەوەکە بە ئەندامان ڕادەگەیەنێتو دەشێت ئەندام پێشنیازی زیادکردنی ماددەیەک یا زیاتر بۆ سەر بەرنامەکە بکاتو زۆرینەش بۆیان هەیە ئەمە قبوڵ بکەن یان ڕەتی بکاتەوە.

٣- ئەنجومەنەکان بۆیان هەیە داوای ئامادەبوونی هەر فەرمانبەرێک بکەن لەو کاروبارەی کە پەیوەندی بەفرمانەکەیەوە هەیە.

٤- دەنگدان لە ئەنجومەنەکان بەئاشکرایی دەبێتو دەشێت بکرێتە نهێنی لەسەر داوای زۆرینەی ژمارەی ئەندامانو بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان وەردەگیرێتو لەکاتی یەکسانبووندا، ئەو لایەنە پەسەند دەکرێت کە سەرۆک دەنگی بۆ دەدا.

ماددەی شازدەهەم:

یەکەم: سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنەکان ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگادا دەخۆن:

(سوێند بە خودای گەورە دەخۆم کە پارێزگاریی لەیەکێتی هەرێمی کوردستان- عێراقو سەلامەتی خاکەکەی بکەمو چاودێریی بەرژەوەندیەکانی گەل بکەمو پابەندبم بە دەستورو یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمداو بەدڵسۆزیو راستگۆییو دەستپاکیو بێلایەنییەوە کاری خۆم ئەنجام بدەمو خودا شاهیدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم).

دووەم: پارێزگار ئەو سوێندەی کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لەبەردەم سەرۆکی هەرێم بەئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ دەخوات.

سێیەم: قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیە ئەو سوێندەی سەرەوە کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لەبەردەم وەزیری ناوخۆ بە ئامادەبوونی پارێزگار دەخۆن.

## بەشی سێیەم
## دەستەی جێبەجێکارو سەرۆکەکانی یەکە کارگێڕیەکان
## یەکەم - دەستەی جێبەجێکار

ماددەی حەڤدەهەم: دەستەی جێبەجێکار:

هەر یەکەیەکی کارگێڕی دەستەیەکی جێبەجێکردنی دەبێت، سەرۆکی یەکەی کارگێڕی سەرۆکایەتی دەکاتو سەرۆکی فەرمانگە خۆجێیەتیەکان تێیدا ئەندام دەبنو تایبەتمەند دەبن بەم کاروبارانەی خوارەوە:

یەکەم: ئامادەکردنی پـڕۆژەی بودجەی ساڵانەی یەکەی کارگێڕیو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕی.

دووەم: ئامادەکردنی پلانی گەشەپێکردنی یەکەی کارگێڕی.

سێیەم: جێبەجێکردنی یـاسـاو بـڕیـارو ئـەو ڕێنماییانەی کـە لە دەسەڵاتداریەتی تایبەتەوە دەرچون.

چوارەم: هەماهەنگیکردن لەگەڵ بابەتە هاوبەشەکاندا.

پێنجەم: پێشنیازکردنی پـڕۆژەی بڕیارەکان بۆ ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕی.

شەشەم: لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانەی کە لە ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕییەوە یان لە سەرۆکی یەکەی کارگێڕییەوە بۆی هاتووە.

## دووەم - پارێزگار

ماددەی هەژدەهەم:

یەکەم: پارێزگار بەرپرسی یەکەمی جێبەجێکردنە لە پارێزگاداو لەبەردەم ئەنجومەندا بەرپرسەو لە رووی مافو خزمەتی فرمانییەوە بەپلەی تایبەتی (وەکیلی وەزارەت) دەبێتو پارێزگار لە رووی کارگێڕییەوە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی ناوخۆوە.

دووەم: مەرجە پاڵێوراو بۆ پۆستی پارێزگار بەلایەنی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت لەپاڵ ئەو مەرجانەی کە پێویستن لەئەندامی ئەنجومەنی پارێزگادا بێتەدی.

سێیەم: مەرسومێکی هەرێمی بە دامەزراندنی پارێزگار دەردەچێت لەماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی هەڵبژاردنی لەلایەن ئەنجومەنەوە.

چوارەم: هەر پارێزگارەو دوو جێگری دەبێت کە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێتو خاوەن شارەزاییو پسپۆڕی بنو بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبنو فەرمانی دامەزراندنیان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

## سێیەم - ئەركو دەسەڵاتەكانی پارێزگار

ماددەی نۆزدەهەم:

پارێزگار ئەم ئەرکو دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

یەکەم: ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی پارێزگا بە بەشداریکردن لەگەڵ سەرۆکەکانی فەرمانگە خۆجێیەکانو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەن.

دووەم: جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێم لە سنوری پارێزگادا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

سێیەم: جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی پارێزگا بەپێی یاسا

جێبەجێکراوەکان دەیدات.

چوارەم: نوێنەرایەتی پارێزگا دەکات لەو کۆنگرەو کۆڕو سیمینارانەی کە بۆیان بانگ دەکرێت.

پێنجەم: سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەچوونی شوێنە گشتیەکان لە پارێزگاداو پشکنینیان جگە لە دادگاکانو یەکە سەربازیەکانو پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە)و زانکۆو کۆلیجەکانو پەیمانگاکانی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

شەشەم:

١ـ دەرچواندنی فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەرانی کارگێڕیە خۆجێییەکانو تەنسیبکردنیان لەسەر ئاستی پارێزگا، لەوانەی کە لە پلەی حەوتەمو بەرەو خوارەوەن لە پەیژەی پلەکانی فەرمانبەریەتی کە لەیاسادا هاتووە لەوانەی کە دەپاڵێورێن لە فەرمانگە تایبەتمەندەکانی بەپێی پلانی ئەو میلاکەی لەلایەنە پەیوەندیدارەکانەوە پەسەند کراوە.

٢ـ چەسپاندنی فەرمانبەرە خۆجێیەکان لە پارێزگادا لەنێو پەیژەی پلەکانی فەرمانبەریەتی کە لەیاسادا هاتوون.

حەوتەم: وەرگرتنی رێکاری کارگێڕیو یاسایی دەرحەق فەرمانبەرانی کارگێڕیە خۆجێیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا.

هەشتەم: بەرپرسیاریەتی دابینکردنی ئاسایشو نیزام لەپارێزگاداو بۆی هەیە فەرمان بدات بە پۆلیسو دەزگاکانی ئاسایش بەپێی یاسا لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا بکەن کە لەناو سنوری پارێزگادا روودەدەن، بەو ناوەی سەرۆکی لیژنەی ئاسایشە لە پارێزگادا.

نۆیەم: داواکردنی کردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی پۆلیس، دوای پەسەندکردنی ئەنجومەن بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی.

دەیـەم: پاراستنی ئاسایشو نیزامو مافی هاووڵاتیانو گیانوماڵو موڵکیانو لە باری نەتوانینی دەزگاکانی ئاسایش لە بەدیهێنانیدا، ئەم کارە

دەخرێتە بەردەم وەزیری ناوخۆو بڕێکی پێویست لە هێز بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە داوا دەکات.

یازدەهەم:

یەکەم: ناڕەزایی دەربڕین لە بڕیارەکانی ئەنجومەن لەم بارانەی خوارەوە دەبێت:

١- ئەگەر سەرپێچی دەستور یان یاسا کارپێکراوەکان بوو.

٢ ـ ئەگەر لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەندا نەبوو.

٣ ـ ئەگەر سەرپێچی پلانی گشتی حکومەتی هەرێم یان بودجە بوو.

دووەم: پارێزگار بڕیارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجومەن لەماوەیەک لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت لە مێژووی پێڕاگەیاندنی، لەگەڵ هۆیەکانی ڕەخنەگرتنەکەیو تێبینیەکانیدا.

سێیەم: ئەگەر ئەنجومەن پێیداگرت لەسەر بڕیارەکەی خۆی بەبێ لابردنی ئەو سەرپێچیەی کە پارێزگار دەریخستووە، دەبێت بینێرێت بۆ دادگای کارگێڕیی بۆ ئەوەی بڕیاری لێ بدات.

دوازدەهــەم: پارێزگار بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە جێگرەکانی یان قایمقام یاخود بەڕێوەبەری ناحیە، هەریەک لەکاروباری یەکە کارگێڕیەکەیدا بدات.

ماددەی بیستەم:

١- لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی پارێزگاردا یەکێک لە جێگرەکانی ماوەی ئامادەنەبوونی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی جێیدەگرێتەوە.

٢- لە بارێکدا کە پارێزگار نەتوانێت ئەرکەکانی رابپەڕێنێت لەبەر هۆی تەندروستی بۆ ماوەیەک کە زیاتر بێت لە سێ (٣) مانگ ئەوا خانەنشین دەکرێتو پێویستە لەسەر ئەنجومەن پارێزگارێکی نوێ بە هەمان ئەو شێوازەی لەم یاسایەدا هاتووە هەڵبژێرنو تا کاتی هەڵبژاردنی پارێزگاری نوێش یەکێک لە جێگرەکانی بە کارەکانی هەڵدەستێت.

ماددەی بیستو یەکەم:

پارێزگارو هەردوو جێگرەکەی بەردەوام دەبن لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە دوای تەواوبوونی ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنو تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی نوێ لە دوای ئەوان کەسانی تر هەڵدەبژێرن.

ماددەی بیستو دووەم:

یەکەم: وەزیری تایبەتمەند بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بە پارێزگار بدات.

دووەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکانو ئەو لایەنانەی کە نەبەستراونەتەوە بە هیچ وەزارەتێک، رای پارێزگار لەو کاروبارانە وەرگرن کە دەیانەوێت لە پارێزگادا بیکەنو ئاگادارکردنەوەی پارێزگار بەو نامەنووسینانەی کە لەگەڵ فەرمانگەکانو دەزگاکانیدا لە چوارچێوەی پارێزگادا ئەنجامی دەدات، بۆئەوەی ئاگادار بێت لێیانو چاودێریی جێبەجێکردنیان بکات.

سێیەم: پێویستە سەرۆکی فەرمانگەکانو دەزگا گشتیەکانی ناو پارێزگا خۆیان بەمانەی خوارەوە ببستنەوە:

١ـ ئاگادارکردنەوەی پارێزگار بە ئاڵوگۆڕکردنی نوسراوە فەرمیەکانیان لەگەڵ فەرمانەگە فەرعیەکاندا.

٢ـ بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ پارێزگار لەبارەی ئەو کاروبارانەی بۆیان دێت.

٣ـ ئاگادارکردنەوەی پارێزگار لەو کارانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایش یان کاروباری گرنگ یان کێشەکانی پەیوەندیدار بەزیاتر لە فەرمانگەیەک لە پارێزگادا هەبێت، یان بە رەوشتی فەرمانبەرەکانیەوە.

٤ـ ئاگادارکردنەوەی پارێزگار لە دەستبەکاربوونی سەرۆکی فەرمانگەکانی فەرعی خۆجێیی لەئەرکو فرمانیان یاخود دەستهەڵگرتن لەکارەکانیان.

چوارەم: پێویستە پارێزگار وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە وردەکاریی پڕۆژەکانی ئاگاداربکاتەوە کە لەسەر ئاستی پارێزگا جێبەجێیان دەکاتو

ئەوەی پەیوەندی هەیە بە تایبەتمەندیەکانی ئەو وەزارەتانەوە.

## چوارەم ـ قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیە

ماددەی بیستو سێیەم:

یەکەم: قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیە بالاترین فەرمانبەری جێبەجێکردنن لە یەکە کارگێڕیەکانیاندا.

دووەم: مەرجە قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیە لە پاڵ مەرجی پێویست کە دەبێت لە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بێتەدی، قایمقام خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بێتو بەڕێوەبەری ناحیەش بڕوانامەی زانکۆیی لە یاسادا هەبێت.

سێیەم: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیــران فەرمانێکی وەزاری بەدامەزراندنی هەریەک لە قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیە لە ماوەی پازدە رۆژ دوای هەڵبژاردنیان لەلایەن ئەنجومەنەکانیانەوە دەردەچوێنێت.

چوارەم: قایمقام بەپلەی بەڕێوەبەری گشتیو بەڕێوەبەری ناحیەش بە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دەبێت.

پێنجەم: لەکاتی ئامادەنەبوونی قایمقام، پارێزگار یەکێک لە بەڕێوەبەرەکانی ناحیەی سەر بە قەزاکە رادەسپێرێت بۆ راپەڕاندنی کارەکانیو لەکاتی ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەری ناحیەش، بەڕێوەبەری پۆلیسی ناحیەکە بۆ راپەڕاندنی کارەکانی رادەسپێرێت.

## پێنجەم ـ ئەركو دەسەڵاتەكانی قایمقام

ماددەی بیستو چوارەم:

قایمقام ئەم ئەرکو دەسەڵاتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی قەزاو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا.

دووەم: جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا دەریاندەکات بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان.

سێیەم: سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆی فەرمانگە فەرمیەکان لە قەزاو

فەرمانبەرانیو پشکنینیان، بەدەر لەدادگاو یەکە سەربازیەکانو پاسەوانانی هەرێم (پێشمەرگە)و زانکۆو کۆلیجەکانو پەیمانگەکانی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

چوارەم: بەرپرسە لە دابینکردنی ئاسایشو نیزام لە یەکە کارگێڕیەکەیداو بۆی هەیە فەرمان بە پۆلیسو دەزگاکانی ئاسایش بدات بەپێی یاسا لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا بکات کە لەناو قەزاکەدا روودەدەن بەو پێیەی سەرۆکی لیژنەی ئاسایشە لەقەزاکەدا.

پێنجەم: پاراستنی ئاسایشو نیزامو پاراستنی مافی هاووڵاتیانو گیانو موڵکو ماڵی تایبەتییان.

شەشەم: پاراستنی موڵکو ماڵی گشتیو چاککردنەوەیانو کۆکردنەوەی داهاتەکانیان بەپێی یاسا.

حەوتەم: قایمقام بۆی هەیە فەرمان بدات بە پێکهێنانی مەفرەزە لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەشێوەیەکی کاتیی لەقەزادا، بۆ پاراستنی ئاسایش لەکاتی پێویستدا.

هەشتەم: سەرۆکی فەرمانگەکان لەقەزادا قایمقام لەو نوسراوانە ئاگاداردەکەنەوە کە لەگەڵ فەرمانگە فەرمیەکانیدا ئاڵوگۆڕی دەکەن.

نۆیەم: بۆی هەیە تانوت لە بڕیاری لادانی لەلای دادگای کارگێڕی تایبەت بدات لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە.

## شەشەم ـ ئەركو دەسەڵاتەكانی بەڕێوەبەری ناحیە

ماددەی بیستو پێنجەم:

بەڕێوەبەری ناحیە ئەم ئەرکو دەسەڵاتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: ئامادەکردنی پــڕۆژەی بودجەی ناحیەو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی یەکەی کارگێڕی لە ناحیەدا.

دووەم: جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە دەریاندەکات بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

سێیەم: سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆی فەرمانگە فەرمیەکانی ناحیەو فەرمانبەرانیو پشکنینیان بەدەر لە دادگاکانو یەکە سەربازیەکانو پاسەوانانی هەرێم (پێشمەرگە)و زانکۆو کۆلیجەکانو پەیمانگاکانی فێرکردنی بالاو توێژینەوەی زانستی.

چوارەم: بەرپرسە لەدابینکردنی ئاسایشو نیزام لەناو یەکە کارگێڕیەکەیو بۆی هەیە فەرمان بداتە پۆلیسو دەزگاکانی ئاسایش بەپێی لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا بکەن کە لە ناحیەکەدا ڕوودەدەن بەو پێیەی سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی ناحیەکەیە.

پێنجەم: پاراستنی ئاسایشو نیزامو پاراستنی مافی هاووڵاتیانو گیانو موڵکو ماڵی تایبەتییان.

شەشەم: پاراستنی موڵکو ماڵی گشتیو چاککردنەوەیانو کۆکردنەوەی داهاتیان بەپێی یاسا.

حەوتەم: فەرمان بە پێکهێنانی مەفرەزە لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەشێوەیەکی کاتیی لە ناحیەدا دەدا بۆ پاراستنی ئاسایش لە کاتی پێویستدا.

هەشتەم: سەرۆکی فەرمانگەکان لە ناحیەدا، بەڕێوەبەری ناحیە لەو نامەکاریانە ئاگاداردەکەنەوە کە لەگەڵ فەرمانگە فەرمیەکانی خۆیاندا دەیکەن.

نۆیەم: بۆی هەیە تانوت لەبڕیاری لادانی بدات لەلای دادگای کارگێڕی تایبەتدا لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژووی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکەوە.

## بەشی چوارەم

## یەکەم ـ لەنوێ دامەزراندنی یەکە کارگێڕیەکان

**ماددەی بیستو شەشەم:**

١ـ قەزا یا ناحیە بەمەرسومێکی هەرێمی دادەمەزرێتو ئەمەش لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگاو بە ڕەزامەندی وەزیرو پەسەندکردنی

ئەنجومەنی وەزیران دەبێتو لە بارێکدا کە وەزیر ڕەزامەندی پیشان نەدا لەگەڵ خوێندەوەکەی بۆ ئەنجومەنی وەزیـران بەرزدەکرێتەوەو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانیش یەکلاکەرەوەیە.

٢- سنوری قەزا هەمواردەکرێتو ناوو سەنتەرەکەی بەمەرسومێکی هەرێمی دەگۆڕدرێت، ئەمەش لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگاو بە ڕەزامەندی وەزیرو پەسەندکردنی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

٣- سنوری ناحیە هەمواردەکرێتو ناوو سەنتەرەکەی بە بەیاننامەیەک دەگۆڕدرێت کە وەزیر لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا دەریدەکات.

## دووەم - دارایی پارێزگا

ماددەی بیستو حەوتەم:

داهاتی دارایی پارێزگا لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

یەکەم: ئەوەی کە حکومەتی هەرێم لەناو بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ پارێزگای تەرخان دەکات.

دووەم: ئەو داهاتانەی کە پارێزگا دێتە دەستی لە ئەنجامی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی دەکاتو وەزارەتی دارایی لەو داهاتانە ئاگاداردەکاتەوە کە وەدەستی هاتوون.

سێیەم: ئەو پیتاکو بەخششانەی کە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دێتە دەستی.

چوارەم: ئەو داهاتانەی کە لە فرۆشتنو بەکرێدانیماڵی گواستراوەی دەوڵەت بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم وەدەستی دێنێت.

ماددەی بیستو هەشتەم:

بەڕێوەبەرایەتی یەکە کارگێڕیەکانو ئەنجومەنەکانیان سیستەمی ژمێریاری پشتپێبەستراو بەکاردێنن.

ماددەی بیستو نۆیەم:

فەرمانگەکانی یەکە کارگێڕیەکانو ئەنجومەنەکان دەکەونە بەر

چاودێریکردنی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمدا.

## بەشی پێنجەم
## یەکەم: مافو تایبەتمەندییەکان

ماددەی سییەم:

یەکەم:

١ـ ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێیەکانی یەکە کارگێڕییەکان ئازادی تەواویان هەیە لەدەربڕینی راوبۆچوونەکانیان لە وتووێژکردنی ناو ئەنجومەندا.

٢ـ نابێت ئەندامی ئەنجومەنی خۆجێیەتی یەکەی کارگێڕی بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەن بە نووسین راوەدوو بنرێت تەنیا لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوان یا کەتنێک نەبێت کە پێیەوە دەگیرێت.

٣ـ ئەندامی ئەنجومەنی خۆجێیەتی یەکەی کارگێڕی لە کاتی ماوەی ئەندامیەتیدا بەوە دادەنرێت کە خزمەتێکی گشتی پێ سپێردرابێت بۆ مەبەستی پیادەکردنی یاسای سزاکان.

٤ـ بە سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنەکان پاداشتێکی مانگانەی بڕاوە دەدرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دیاریدەکات.

٥ـ سـەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنەکان لەکاتی تەواوبوونی ماوەی هەڵبژاردنیان پاداشتێک وەردەگرن کە یەکسان بێت بە پاداشتی شەش مانگی کۆتایی ئەندامێتی حیساب ناکرێت لەگەڵ ئەوەی دەیکەوێت لەو پاداشتەی بەپێی یاسای خانەنشینی شارستانی جێبەجێکراو لە کۆتایی خزمەتکردنیدا بەرامبەر بە خزمەتی فرمانەکەی دەیکەوێت.

٦ـ کاری ئەندامیی لە ئەنجومەندا بە خزمەت بۆ مەبەستی سەرموچەو پلە بەرزکردنەوەو خانەنشینی دەژمێردرێت.

دووەم: سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ خولی هەڵبژاردنی یەکەم، ئەمانەی خوارەوەیان دەکەوێت:

١ـ موچەیەکی خانەنشینی بە ڕێژەی (٨٠٪)ی ئەو پاداشتەی کە مانگانە لە کاتی خزمەتکردندا وەریاندەگرت.

٢ـ پاداشتی کۆتایی خزمەت کە هاوتای ئەو پاداشتانە بێت کە لە شەش مانگی کۆتایی خزمەتەکەی وەریاندەگرت.

## دووەم: هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان

**ماددەی سی‌و یەکەم:**

یەکەم: ئەنجومەنەکان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی لە سەر داوای سێیەکی ئەندامانی خۆیان هەڵدەوەشێننەوە.

دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە ئەنجومەنە خۆجێییەکان بە زۆرینەی ٣/٢ دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەڵبوەشێنێتەوە ئەمەش لەسەر داوای قایمقام بە نیسبەتی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا یاخود بەڕێوەبەری ناحیە بە نیسبەت ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لەم بارانەی خوارەوە:

١ـ زیانگەیاندنێکی مەزن بەو کارو ئەرکەی پێی سپێردراوە.

٢ـ ئەگەر مانەوەی زیانبەخش بوو بۆ بەرژەوەندی گشتی.

٣ـ ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات.

٤ـ لە بارێکدا کە لە دەستور لایدا یان سەرپێچی یاسای کرد.

سێیەم: بۆ ئەنجومەنە هەڵوەشاوەکان یان سێیەکی ئەندامانی هەیە تانوت لە بڕیاری هەڵوەشانەوەکە لەبەردەم دادگای کارگێڕیی بدەن لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژووی دەرچونیەوەو دادگاش دەبێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ بڕیاری خۆی لە بارەی تانوتەکەوە بدات.

چوارەم: پەرلەمان بۆی هەیە ئەنجومەنی پارێزگا بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی هەڵوەشێنێتەوە ئەمەش لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران یان سێیەکی ژمارەی ئەندامانی دەبێت ئەگەر دەرکەوت یەکێک لە هۆیەکانی کە لەبڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەی لێ هاتەدی.

پێنجەم: لە بارێکدا کە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازەکە دەربڕی،

وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ لە ماوەی شەست ڕۆژ لە مێژووی دەرچونی بڕیارەکە رادەگەیەنرێت.

ماددەی سی‌و دووەم:

دەشێت ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێییەکان‌و سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان (قایمقام‌و بەڕێوەبەری ناحیە) لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای پەیوەندیدار بە زۆرینەی۳\۲ دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی لە کار لاببرێن لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (شەشەم)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

## (کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی)

ماددەی سی‌و سێیەم:

یەکەم: ئەندامیەتی لە ئەنجومەنەکان لەم بارانەی خوارەوە کۆتایی دێت:

١ـ تەواوبوونی ماوەی خولی هەڵبژاردن.

٢ـ مردنی ئەندام.

٣ـ تووشبونی بە ناتەواوی یان نەخۆشییەک کە نەهێڵێت لەسەر کارەکەی بەردەوامبێت ئەمەش بەپێی بڕیارێک کە لە لیژنەی پزیشکی تایبەتمەندەوە دەرچوبێت.

٤ـ وازهێنانی ئەندام دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەن بەزۆرینەی ژمارەی دەنگی ئەندامانی.

٥ـ لادانـی ئەندام لەسەر کارەکەی بەهۆی ئامادەنەبوونی لە پێنج دانیشتنی یەک لەدوای یەک یاخود ئامادەنەبوونی لە هەشت لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن لە ماوەی چوار مانگدا بەبێ عوزری رەوا.

دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە کۆتایی بە ئەندامیەتی بێنێت بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی لە کاتی لەدەستدانی ئەندام لە یەکێک لەمەرجەکانی ئەندامیەتی، یان یەکێک لە هۆیەکانی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (شەشەم)ی ئەم یاسایەی لێهاتە جێ.

سێیەم: ئەندامی ئەنجومەن بۆی هەیە تانوت لە بڕیاری کۆتاییپێهێنانی ئەندامیەتی بدات لەبەردەم دادگای کارگێڕی تایبەت لە هەرێم بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ کە پشتی بە بڕگەکانی (٣، ٥) لە یەکەمو بڕگەی (دووەم) لەم ماددەیەدا بەستووە.

## بەشی شەشەم
## حوکمە کۆتاییەکان

ماددەی سیو چوارەم:

ئەنجومەن بۆی هەیە نەخشەی دیزاینی بنەڕەتی پەسەند بکات یان دیزاینکردنەوەی یەکە کارگێڕیەکان لە پارێزگادا دووبارە بکاتەوە.

ماددەی سیو پێنجەم:

ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجومەنەکانی شارەوانی بۆ یەکە کارگێڕیەکان بە پەیڕەوێکی تایبەتی پێکدێنێت کە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی دەریدەکات.

ماددەی سیو شەشەم:

ئەنجومەنەکان دەکەونە بەر چاودێریی پەرلەمان.

ماددەی سیو حەوتەم:

کارکردنی یاسای پارێزگاکانی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو رادەگیرێت.

ماددەی سیو هەشتەم:

وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕیەکان لە هەرێمدا بە بەیانێک دیاریدەکرێت کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەریدەچوێنێت.

ماددەی سیو نۆیەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێک ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی

ئەم یاسایە ناکۆک بێت.

ماددەی چلەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسە جێبەجێبکەن.

ماددەی چلو یەکەم:

ئەم یاسایە لە دەستپێکی خولی هەڵبژاردنی دادێی ئەنجومەنەکان جێبەجێدەکرێتو لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**محمد قادر عبدالله**
**(د.کەمال کەرکوکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق/ بە وەکالەت**

## هۆیە پێویستیەکانی

بەمەبەستی رێکخستنی تایبەتمەندیو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانو کارگێڕییان لە هەرێمداو پەرەپێدانیانو لە پێناوی بەدیهێنانی پرنسیپی ناسەنتەری لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بە مەبەستی ئاسانکاریو چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بە هاووڵاتیانو پاراستنی مافو بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**تێبینی: ئەم یاسایە بە بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.**

# یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

تێبینی:
دەقی ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان وەرگیراوەو هەڵە رێنوسیەکانی راستکراونەتەوە، بەشێوەیەک کە کار لە ناوەرۆکەکەی نەکات.

# یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكانو قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق

یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٩
یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكانو قـەزاو ناحیەكان لەهەرێمی كوردستان ـ عێراق
هەمواركراو بە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١١

## بەشی یەكەم
## پێناســەكـان

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عێراق

دووەم: دەستە: دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەكانو راپرسی لە كوردستاندا.

سێیەم: ئەنجومەنەكان: ئەنجومەنەكانی پارێزگاكانو ئەنجومەنە خۆجێییەكانی قەزاو ناحیەكان.

چوارەم: بازنەی هەڵبژاردن: هەموو ناوچەیەكی دیاریكراو كە ژمارەیەك كورسییان بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە بۆ تەرخان كراوە.

پێنجەم: مەڵبەندی هەڵبژاردن: ئەو شوێنەیە كە دەستە لە ناو بازنەی هەڵبژاردنەكاندا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان تێیدا دەستنیشانیدەكات.

شەشەم: لیستی نیمچە كراوە: لیستێكە ناوی كاندیدەكانی هەڵبژاردنی تێدایە، دەنگدەر بۆی هەیە دەنگ بە لیستەكەو یەكێك لە كاندیدەكان یان

تەنها بە لیستەکە بدات.

حەوتەم: لیستی تاک: ئەو لیستەیە کە بەگوێرەی ئەو تاکێک خۆی بۆ هەڵبژاردن کاندید دەکات بە مەرجێک لە لای دەستە تۆمار کرا بێت.

هەشتەم: تۆماری بەرایی دەنگدەران: ئەو تۆمارەیە کە ناوو داتای دەنگدەرانی تێدایە، لە لایەن دەستەوە ئامادە دەکرێتو بڵاودەکرێتەوە بۆ بینینیو پێشکەشکردنی تانە لە بارەیەوە.

نۆیەم: تۆماری کۆتایی دەنگدەران: تۆمارێکە بۆ ناوو داتای دەنگدەران قابیلی تانە لێدان نییە کە لە پاش کۆتاییهاتنی ماوەی پەڵپگرتن، بڵاودەکرێتەوە.

ماددەی دووەم:

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەرپەرشتی هەموو قۆناغو ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان لە هەرێمدا دەکات تاوەکو ئەو کاتەی دەستەکە پێکدەهێنرێت.

## بەشی دووەم
## مافی هەڵبژاردن

ماددەی سێیەم:

مەرجە دەنگدەر ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی.

یەکەم: بە ڕەگەزنامە عێراقی بێت.

دووەم: شیاویی تەواوی هەبێت.

سێیەم: هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت.

چوارەم: تەنها لە تۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایەی هەڵبژاردنەکەی تێدا دەکرێت تۆمارکرابێتو بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایەو ئەو ڕێنماییانەی لە دەستەوە دەردەچن.

ماددەی چوارەم:

یەکەم: هەڵبژاردن مافی هەموو هاووڵاتییەکە کە ئەو مەرجانەی لێ

بێتەدی کە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە.

دووەم: هەر دەنگدەرێک مافی خۆی لە دەنگدان بە شێوەیەکی ئازادانەو ڕاستەوخۆو بەنهێنیو بە تاکەکەسی بەکاردەهێنێت.

سێیەم: دەنگدان لە ڕێگەی بریکارەوە نابێت.

چوارەم: دەنگدەر یەک دەنگی هەیە لە یەک هەڵبژاردنداو نابێت زیاتر لە جارێک دەنگبدات.

## بەشی سێیەم
## مافی خۆپاڵاوتن

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: ئەوەی خۆی بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنەکان دەپاڵێوێت دەبێت ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی:

١- دەبێت عێراقی بێتو شیاویی تەواوی هەبێتو تەمەنی گەیشتبێتە ٢٥ ساڵ لە کاتی خۆپاڵاوتنیدا.

٢- دەبێت پاڵێوراوانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو ئەنجومەنەکانی قەزاکان بەلایەنی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەیان هەبێتو پاڵێوراوانی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی ناحیەکانیش بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەیان هەبێت.

٣- دەبێت ژیاننامەو ناوبانگو ڕەوشتی باش بنو بە تاوانێک یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرا بێت.

٤- ڕۆڵەی یەکە ئیدارییەکە بێتو لە تۆماری دەنگدەرانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیشدا تۆمار کرابێت.

٥- نابێت لەکاتی خۆپاڵاوتنیدا لە کەسەکانی هێزی چەکدار یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت.

٦- نابێت بەشداری لەو تاوانانەدا کردبێت کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشابێت یا جێبەجێی کردبێت.

دووەم: پاڵێوراوەکان دەبێت لەلایەن دەستەوە پەسەند بکرێن.

ماددەی شەشەم:

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قـەزاو ناحیەکاندا سیستەمی نوێنەرایەتیی رێژەیی بەگوێرەی لیستی نیمچە کراوە پەیڕەودەکرێت.

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: دەکرێت خۆ کاندید بکرێت بۆ لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن بە چەشنێک ژمارەی کاندیدەکان لە دوو هێندەی ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان کراون، زیاتر نەبن.

دووەم: لیستی پاڵێوراوەکان بەجۆرێک رێکدەخرێت کە رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ٣٠٪ ئەندامان کەمتر نەبێت.

ماددەی هەشتەم:

یەکەم: دەنگە راستەکانی بازنەی هەڵبژاردن کۆدەکرێنەوەو دابەشی سەر ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ ئەو بازنەیە دەکرێن بۆ بەدەستهێنانی دابەشی هەڵبژاردن.

دووەم: ئەو دەنگە راستانەی کە لیست لە بازنەی هەڵبژاردندا بەدەستی هێناون کۆدەکرێنەوەو بەسەر دابەشی هەڵبژاردندا دابەشدەکرێن بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ ئەو لیستە.

